بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
(وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ،إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)
والصلاة و السلام على خير خلقه محمد وعلى اله و صحبه، السلام عليكم ورحمة الله و بركاته.

لە دەرسی ئەوڕۆمان ئیدامە بە دەرسی حەفتەی پێشترێ.....، بەشەکی ئوسوەمان بەحس کرد، شەرحی ئەو ئایەتەمان کرد کە باری تەعالا فەرمویتی: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً)(الأحزاب 21)، مەقصەدیشمان لە دەرسەکەی ئەوە بوو ئەو ئیرتیباطە ئەو پەیوەستە ئیمانییەی کە صەحابی بەند کرابوون لەگەڵ خۆشەویست محمد صلى الله عليه وسلم، ئەو ڕابیطە ئیمانییە وە مەدای تەمەثولی ئەو پێغەمبەرە لە قەلبی لە شعوری صەحابەکان، وە چەندی تەحویلی ئەو ئیرتیباطە لەبۆ واقیع کە هەمووی رەبطمان کرد بە ئیمانییات، هەمومان جەمع کرد لە مەفهومی یا شەرحی کەلیمەی: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ)، مانای کەلیمەی ئوسوەمان جەمع کرد لە میثلییەت، گوتمان مانای کەلیمەی ئوسوە لە قورئان بە هەرسێ ئایەت بە لە لوغەی کوردی لە زمانی کوردی بە مانای وەکو هاتییە، (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً)(الأحزاب 21) وە ئەو ئوسوەتەشمان تەقسیم کرد لەبۆ دوو بوار مەنحا،

یەکەمیان: ئیتتیباع بوو، ئیتتیباعیشمان تەمثیل پێکرد بە مەوضوع ماددە یاخود خەریطە ئەو مەنهەج، بەعزە برا ئیستیفساریان هەبوو لەو مانایەی ئەورۆ قیچەك چەند دەقیقەك دیسان لە خزمەت کەلیمەی ئیتتیباع رادەوەستین، باشترین میثال ئەوەم بە مێشکی داهات کە خەریطەك هەبی زۆر جاریش ئەوەمان ئیعادە کردتەوە خەریطەك هەبی هەمووومان ئیتیفاقی لەسەر بکەین، کە ئەو خەریطەیە صیحەتەکی سەدا سەدی هەیە، برێین بەینی هەولێر و سلێمانیمان لەبۆ تەئشیر بکا لەسەر وەرەقە، جیۆلۆجییین بە هەموو ئەجهیزە خەریطەی رێی بەینی هەولێر و سلێمانی لەسەر ئەو وەرەقەیە تەثبیت کەن، ئەو خەریطەیە بە مەفهومی قورئانی ناوی نرایە ماددەی ئیتتیباع ئەو خەریطەیە ماددەی

ئیتتیباعە، ئەگەر ئەمە بمانەوێ لە هەولێریوە بچینە سلێمانی خەریطەکەی لە دەست دەگرین، ئائەو رێیەی کە تەئشیر کرایە لەسەر خەریطەی بەسەر ئەو رێیەیدا دەڕۆین هەتا دەگەینە سلێمانی، حەتمەن بە واسطەی عولەماء و موختەصینی جیۆلۆجی خەریطە دانرایە، سەهلترین و ئاسانترین و نزیکترین بێ مەشاکیلترین رێگا تەمسیل دەکا، مادەم هاتین لەسەر ئەرز راوەستاین و خەطەوات و شەقاومان هاویشت لەبۆ ئیجادی ئەو خەریطەی لەسەر ئەرزی واقیع بەوەی دەگوترێ تەطبیع، تەمثیلی ئەو دووە لە قورئان قورئان خەریطەی بەشەرییەت بوو پێشترێ ناومان نابوو قانون سوننە، لە مەفهومی ئیتتیباع قورئان بە مەعنای کەلیمەی خەریطە دێ، ئیذەن باری تەعالا خەریطە لەبۆ هەموو ئینسانی دابەزاندییە نەك بەس لەبۆ محمد صلی الله علیە وسلم، وە ئەوەلی موتتەبیعی خەریطە (محمد)ە وە هەموو ئینسانیش دەبی موتتەبیعی ئەو خەریطەیەی بی موتتەبیعی ئەو قانونەی بی، موتتەبیعی ئەو ئینسانە نینە ئەمە کە خەریطەکەی لۆ هاتییە، موتتەبیعی خەریطەکەینە ئەویش قورئانەکەیە.

ئەمما کە هات ئەو ئینسانە جیۆلۆجییە کە دەیەوێ تەحویلی خەریطە بکا لەبۆ واقیع، رادەوەستی لە پێشمان دەیەوێ شەقاوی یەکەم باوێ لەبۆ تەمثیلی رێ نزیك بوون و صیحەتی ئەو رێیەی بەینی هەولێر و سولەیمانی تەئشیرکردییە لە سەر وەرەقە، ئەو ئینسانە ئەمنیش بەدوویداچوم بەوەی دەگوترێ ئیطاعە، ئەوەیە فەرقی بەینی کەلیمەی ئیتیباع و ئیطاعە بە مەنضوری قورئانی، ئەمما هەر شتەك لە مێشکمان دروست بووبی غەیری ئەو مەعنایە دەبی ئەمە مراجعەی قورئان بکەین، چونکی میثالی سابیق لە دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد، میثالی خەریطەمان لەجیاتی خەریطە میثالی جەدوەل زەربمان هینا، گوتمان یەك زائید یەك دەکا دوو، لۆییش دەکاتە دوو لەهەر جێیەکی سەر گۆی زەوی بگری هەر دەکا دوو یەك زائید یەك دەکا دوو ئەوە خەریطەکەیە، ئەوە بە مەنضوری ئەهلی ئیمان قورئانە، هەموو ئینسان بەو نەوعەی نەضرەی هەیە بەرامبەر قورئان، ئەمما کێ هاتییە ئەو قورئانەی تەحویل کردییە لەبۆ واقیع؟ یەکەمین ئینسان محمد بووە صلی الله علیە وسلم، محمد یەکەمین شەخص بووە کە ئیمانی پێهینایە وە بە دوو ئەو قەوانینانە کەتییە، وە بە غەیریشی گۆتییە وەرن ئیطاعەم بکەن ئیتیباعی ئەو قورئانە بکەین با ئیتیباعی ئەو قورئانە بکەین، نەیگۆتییە وەرن ئیتیباعی من بکەن.

ئیذەن تەطبیق کردنی موقەرەراتی قورئانی لە ئەرزی واقیع ئیطاعەیە لەبۆ پێغەمبەر، پێغەمبەر ئیطاعەی کێ دەکا؟ ئیطاعەی خوای دەکا، ئیطاعەی چ دەکا؟ ئائەو ئەمرەی کە

لەبۆی هاتییە لەناو ضمنی خەریطەکە قورئانەکە، کە لـە سـەدو شێست و هەشت جێ باری تـەعالا بـەحسی کەلیمـەی ئیتتیبـاع دەکـا، یـەعنی: یـا محمد ئیطاعـەی قـەوانین بکـە ئیطاعـەی نیضـام و تەشـریع بکـە، وە ئـەو موئمینانـەی کـە لەگـەڵت ئیمانیـان هینایـە بـا ئـەوانیش گـێ لـەتـو بگـرن، چـونکی ئـەتو وەسیطی بـەینی الله وە لەگـەر بەشـەر، ئـەو حەلەقەی وەصلە بەینی الله وە بەشەر، ئەو لە الله وەردەگری موئمینین ئیطاعـەی قسـەی وی دەکـەن، وە لەسـەر بەرنامـەج و خەریطـەی خـوا کـە قورئانـە ئیدامـەیان دایـە و رۆیشتینە ئەوانیش صەحابەن، عیلاقەی مە لە دەرسی پێشترێ گوتمان لـە مـەداری ئـەو مەفهومەیە مـەفهومی کەلیمـەی ئوسوە ئەمـە دەبـی وەکو محمد بین لـە ئـەثنای تـەطبیقی خەریطە.

مەثەلەن داینایە لێرە کە دەچییە سلێمانی کابرای جیۆلۆجی موهەندیس، سـەهلترین ڕێ و نزیکترین ڕێ، بێ مەشەققەتترین ڕێ لەبۆی تەخطیط کردینـە، (محمـد)یـش صـلی الله علیە وسلم سەهلترین ڕێ و نزیکترین ڕێی لە ئەسنای تەطبیق تەحویلی کرد لەبۆ واقیع بە گەیاندن لەبۆ باری تەعالا، طەریقەی محمد صلی الله علیە وسلم لـە واقیـع سـەهلترین طـەریقەیە، وە طـەریقەی وەحیدیشە ماعەدای طەریقەی وی بە عـەقل و ئینتـاجی فیکـری ئینسانییە، ڕۆژی قیامەت باری تەعالا لەو ئسلوبەی دەپرسی موحاسـەبە دەکـا کـە محمـد کردیتی صلی الله علیە وسلم، ئەو دەبتـە میزانـی و معیـار بـە نسبـەت تـەطبیقی قـەوانینی نەضـەری قورئان لەبۆ واقیع، باری تەعالا لە مەدای ئیطاعەی موئمینین لەبۆ خوای کـە ئیتتیباعەکەیـە لـەبۆ قورئـان وە ئیطاعـەی پێغەمبـەر کـە تـەطبیقـە وە گوێڕایەڵییـە لـەبۆ صیغەی تەطبیقی محمد صلی الله علیە وسلم لە ئەرضـی واقیع، ئائەوانە ئیدامەمـان پێدا، هەتا بەعزە ئیشکالات هەبوو بە نسبەت ئەنبیاء و روسول کە ئایا ئەنبیاء و روسول دەبنە ئوسوە بە نسبەت موئمینین صەحابە؟ پاشان هەر ئینسانەك خولەفاء و ئـەتقیـاء شـوهەداء و صـالیحین دەبنـە حوججە لـەبۆ ئومـەی (محمد)ی وە بەشـەرییەت ماعـەدای محمد، لـە قورئان جوابمان داوە؟ نەخێر، بەس حەلەقەی وەصل بەینی مەو بەینی باری تەعالا ئەو بەینی بەشەرییەت هەمووی وە بەینی باری تەعالا فەقەط (محمد)ە صلی الله علیە وسلم، لە تەطبیق کردنی ئەو دوو حالـەتە ئیجـادی قورئـان وە تـەحویلی یـان صیغەی تـەحویلی ئەو قورئانەی لەبۆ واقیع، ئائەو دووە مەفهومی کەلیمەی ئوسووەت ئیجاد دەکا ئیتیبـاعی خەریطـە قورئانـە، وە ئیطاعـەی محمد صلی الله علیـە وسلم کـە قورئـانی فیعلییـە ئائـەو دووە ئوسووەتەکە ئیجاد دەکا.

ئیذەن باری تەعالا بە مەفهومی قورئانی پێمان ئەمر دەکا ماعەدای قورئان وە ماعەدای محمد وەسیطتان نییە بەینی وی و بەینی خۆی و بەینی عیباد، چ وەسیطەك نییە کە وەسیط نییە یەکەمین نوقطە لە هەرە گرنگترین و موهیمترین نوقطە عیلاقەی دینی عیلاقەی دینی وە فەهمی دین لە ڕێی قورئان و (محمد)ەوە صلی الله علیە وسلم، باری تەعالا تەقریبەن لە چار جێ لە قورئان دەفەرمی: لە دوو جێ بە مەکشوفی (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)(الجمعة 2)، (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ) پاشان (وَيُعَلِّمُهُمُ)، عیلمەن خۆی ئوممی بوو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، پێغەمبەر هەمومان دەزانین ئوممی بوو مەدرەسەشی نەبوو ئەلف و بێ و تێ و ثێ فێرە خەرك بکا، ئەو مەدرەسەیەی کە ئێستا مەوجودە عالەمی فێرە قیرائە و کیتابە دەکا پیغەمبەر صلی الله علیە وسلم دروستی نەکردییە، باشە کیف یعلم المؤمنین الکتاب و الحکمة؟ ئەویش بە مەفهومی کەلیمەی ئیطاعە کەلیمەی حیکمە، یەعنی: تەحکیم، تەحکیمی صەحیح لەبۆ خەریطە لەبۆ تەطبیق و تەحویلی خەریطە لەبۆ واقیع لە ضمنی فەهم و فیکری محمد صلی الله علیە وسلم، خاریجی وی مەدای تەشکیکە مەدای سوئال و ئیستیفسارە، ئایە چەند لە حەق لە ثەوابییەت نزیك بووە؟ چەند لەو ثەوابییەتەی دوورە؟

لۆیێ دیسان هەر بەعزە لەقەطاتی دەرسی سابیق، یەکەمین ئینسان پاشی محمد صلی الله علیە وسلم کە هاتەسەر میمبەر لە یەکەمین ڕۆژی خیلافەتی فەرمووی: (أطیعونی ما أطعت الله فیکم، فان عصوت فلا طاعة لي علیکم) نەی فەرموو (اتبعونی) لۆ؟ چونکی دەزانی لەناو مێشکی صەحابە خەریطە مەوجودە، لەناو عەقل و شعور و حەتتا لاشوعوری صەحابە مەنهەج مەوجودە، ئیذن کە ئەمر دەکا شتەکی نوێ نالێ ئەوەی کە دەیرێ موجەررەد تەذکیرە بە نسبەت صەحابە، پێیان گوترایە لەبۆیان خیندرایە ئینەما لەسەری بیناء کراینە دروستکراینە تەربییە دراینە، لەسەر ئائەو ئەقاویل و ئەوامیرانەی کە ئەبوبەکر تیکراری دەکاتەوە لەبۆیان، هەمو ئەوانە خەریجی مەدرەسەی (محمد)ی بوینە صلی الله علیە وسلم، لە واقیعی حالیان خەرائیط و مەنهەج لە مێشکیان مەوجود بووە، ئینەما صیغەی تەحویلی یاخود صیغەی تەنزیلی لەبۆ ئەرزی واقیع وفقی عەقلی خەلیفە و ئائەو شورایەی کە ئەو زەمانی (أهل العلم و العقل)یان تەمثیل کردییە، وفقی عەقلی ئائەو جەماعە ئەو خەریطەیە تەنزیل دەکرا لەبۆ ئەرزی واقیع،

ئەوە هەمووی موقەددیمات بوو لەبۆ دەرسی پێشترێ چونکی ڕەبطەکی وەثیقی هەیە لەگەر دەرسی ئەورۆ.

دەرسی ئەورۆمان ئەوەیە کو صەحابە ئەوحالەتەی لێ ئیجاد کرا؟ حالەتی چ؟ صیغەی وەرگرتنی دین وە صیغەی تێگەیشتنی ئەو دینەی، ئەوە بە نسبەت صەحابی، پاشان ئەمە، ئەمەی شەبابی صەحوە کو ئەو حالە لەخۆمان ئیجاد دەکەین؟ وە وەکو صەحابە لە دین دەگەین، ئەویش باری تەعالا دیسان لە قورئان ئوسلوبی تەوضیحی دانایە لەبۆ ئەوحالەتەی کە صەحابە فێرکرایە، بیناکرایە لەسەری، ئەگەر قورئان بکەنەوە صوەری مەککی ئەو صورەتانەی کە لەمەککە دابەزییە قەواعیدی تەفهیمی تێگەیاندن چۆنیەتی تێگەیاندنی قورئان ئەو چۆنیەتی تێگەیشتنی قورئان باری تەعالا تەعلیمی پێغەمبەر و صەحابە دەکا.

یەکەمین جار هەر لە سورەتی مەککی سورەتەك هەیە ناوی سورەتی (الكهف)ە، دەست پێدەکا بە ئیستیفسارات، ڕەسولەك مەوجودە موسا صاحێب شەریعەتە لەگەر عەبدەك، موحاوەرە هەیە حەدەث هەیە لە بەینیان، بەطەلی حەدەث ئەو ڕەجولە صالیحەیە لە سورەتی الكهف مەوجودە، وە ئەوەی کە تەجروبەکەی لەسەر دەکرێ ڕەسولەکە عیلاقەی موباشیری لەگەر باری تەعالا هەیە، باری تەعالا ئەو قیصصەیە ئەو مەجموعە لەقەطاتەی لەبۆ محمد صلی الله علیە وسلم ئیعادە دەکاتەوە لەبۆ ئەوە ئسلوبی تەعلیمی محمد فێری ببی، بە چ؟ بە ئیستیفسار بە ئیستیفهام بە پرسین، محمد ئەو حالەتە لە شعوری دروست ببی بپرسی دین کوە؟ تەوحید چییە؟ کو خودا لێی ڕازی دەبی؟ مەفاهیمی ئیمانی چییە؟ مەلائیکەت کووە؟ کو قەناعەتی بە یوم الأخرة ئیجاد دەبی؟ ئائەوانە هەمووی باری تەعالا عەن طەریقی غێر موباشیر لە شعوری ئائەو ڕەسولە (محمد)ە صلی الله علیە وسلم دروست دەکا، ئەوە بە ئسلوبەکی موبهەمی ئوسلوبی قورئانی بەو نەوعەیە لە بیدایەت زەمینەی غێر موباشیر دادەنێ، پاشان سەبر سەبر دێ موباشیر دەکا و ضەخمی دەکا و گەورە دەکا، لەبۆوەی فیعلەن هەموو دەور و بەر و وەسەط لە هەموو موستەوایاتی عیلمی و عەقلی ببتە حوججە لەسەریان، ئەوە مەرحەلەی یەکەم لە ئوسلوبی ئیجابی ئیستیفسار و ئیستیفهامی غێر موباشیر، پاشان دێتە سەر حالەتی موباشر.

لە حەفت جێیان باری تەعالا بە محمد صلی الله علیە وسلم دەفەرموی: (واسئل) بپرسە (واسئل القرية) (واسئل اهل الكتاب) بپرسە، یەعنی: پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم

بپرسی، باشه ئەگەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە (اهل الكتاب) یان (اهل القرية) بپرسی؟ فەکەیفە لە جوبریل ناپرسی، ئەو خۆی لەناو داخیلی محمد صلى الله عليه وسلم حالەتی ئیستیفسار دروست نابی، چونکی کە محمد صلى الله عليه وسلم باری تەعالای ناسی، نوقطەی دووەم دێ کو ئەو باری تەعالایە لەخۆی رازی بکا؟ ئەوە غایەی (محمد)ە لە وجود، وە ئەوە هەدەفی ریسالەشیتی، کو وەبکا باری تەعالا لەو بەشەرانەی دی لەسەر کورەی ئەرز رازی ببی؟ کو وەدەکا محمد باری تەعالا لەو بەشەرانەی کە لەسەر کورەی ئەرز مەوجودە لەخۆیەوە دەست پێدەکا هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر کورەی ئەرز رازی ببی؟ ئیذەن مەجموعە ئیستیفسارەك هەیە دەبی محمد صلى الله عليه وسلم لە قەلبی لە شعوری مەوجود بی بە نسبەت ئائەو دینەی، لە جبریل بپرسی ئەوجە بە شعور ئەو بەلا شعور باری تەعالا فێری بکا، کە فێری کرد ئائەو فێربونەیە نەقلی دەکا لەبۆ صەحابە.

لۆییێش حەتتا نزولی قورئان لە ضەرفی بیست و سێ سال عەن طەریقی ئەحداث بووە، مەوضوعەك بووە حادیثەك بووە قەضییەك بووە قورئان هاتییە موعالەجەی ئەو قەضییە و حادیثەی کردییە، یان حادیثە دروست دەبی موستەقبەلەن قورئان سەبقی کردییە و حالەتەکەی تەثبیت کردییە وەکو قەواعید وەکو خەریطە لەلای محمد، لۆوەی ئەگەر هات و مەوضوعەکە دروست بوو صەحابە بە ئیشتیباهـ دانەچن، یاخود قەواعیدی قەدیم لە ئومەمی سابیق دروست بووە باری تەعالا عەن طەریقی ئەمثیلە و قیصەص لەبۆ محمد ئیعادە و تیکرای دەکاتەوە لۆوەی ببتە دەرسەك لەبۆی ئەو بتانی تەحویلی بکا لەبۆ صەحابەکانی خۆی، ئەوە بە نسبەت محمد صلى الله عليه وسلم کە رەسولە بەوەندەی ئیکتیفا ناکا مەوضوع نەقل دەبی لەبۆ داخیلی صەحابەکانیش، قورئان لە پازدە جێی موحەددەد صیغەی ئیستیفسار دروست دەکا بە نسبەت صەحابە، ئیننەما ئەو حالەتەی کە لەناو داخیلی محمد صلى الله عليه وسلم مەوجود بوو نەقل ببوو لەبۆ صەحابە، صەحابە ئەوجارە ئەوان تەحویلی دەکەن لەبۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەوان تێگەیشتن صیغەی خەریطەکە ئەولەویاتی خەریطە بینائی خەریطە تەضاریسەکان لەناو خەریطەی بەو نەوعەیە.

ئیدی دێن دەپرسن مەثەلەن ئەمە کە دەچینە سلێمانی لە هەولێرێرا مەجموعەکین، دەزانین ئەو خەریطەیە کە لە دەستمانە سەریعترین و سەهلترین خەریطەیە نزیکمان دەکا و دەمانگەیێنتە هەدەف کە سلێمانییە، ئەمما موحتەمەلە حەقی ئەوەمان هەبی لە

رێیێ چەند سەیطەرە هەیە؟ ئەو پرسیارەی بکەین، لەناو سەیطەرە هەویەی دەپرسن یان نا؟ چەند چیا هەیە؟ وە لۆفەکانی چەندە؟ ئەمە کە زانیمان ئەو خەریطەیە سەهلترین و ناضجترین خەریطەیە، ئەمما لە عەینی وەقت ئەو حەقەی دەدەینە خۆمان بپرسین تەضاریسی ئەو خەریطەیەی کە دێین لە تەطبیق لە ئەثنای تەطبیق کوە؟ باری تەعالا ئەو حالەتەی لەناو مێشکی محمد صلى الله عليه وسلم دروستی کرد خەریطەی دانا، ئەمما ئایا چەند کۆسپ هەیە چەند حالەت هەیە لەناو شعوری صەحابە مەوجودە حەقی ئەوەیان هەیە بپرسن لە محمد، باری تەعالا ئەو ئیستیفسارەتانە هەمووی لەبۆمە تەنزیل کردییە لە قورئان، لە پازدە جێیان صییەغی ئیستیفسارات مەوجودە لەو قورئانەی.

مەثەلەن کابرای موئمین ئێستا ئەو سەعاتەی موئمینە پێشی نیو سەعات کافر بوو، هاتە ناو ئیسلام هاتە ناو ئیسلام هەموو مێشکی عەلامات ئیستیفهامە؟ عەلاماتی ئیستیفسارە سوئال کردنە، هەتا پێشی ئێستا عومری چل سالە کە لەو بیئەیەی ژیایە زۆر شتی دیتیەلەوانە مانگ لەوانە ئەستێرە چیا، باری تەعالا لە سورەی مەککی دەفەرموی: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ) (لأهِلَّةِ)(البقرة189)، یەعنی: هیلال مانگ، یەعنی کابرا کە هاتە ناو ئیسلام رادەوەستی یەکسەر دەست بە هیچ ناکا یاخود دەستی بە هیچ نەدەکرد، جارێ هەرچی لە بیئە و وەسەطی هەبوو جەوابی (الله) ی رەببانی لەو ماددیاتانە دەپرسی، باشە ئەمن بوومە موسولمان ئەو مانگە لەناو دینی من مەوقیعی چییە؟ مەقامی چییە ئەو مانگە؟ دەهات دەیپرسی لە محمد صلى الله عليه وسلم (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ)، دەهات دەیپرسی دەیگوت ئەو چیایە ئەو چیایە مەقامی چییە لەناو دینی من؟ کو دروست بووە؟ لۆ دروست بووە؟ پاشان چی لێ دێ؟ یەعنی لە ئموری عادی یەومی کە چاویان حەتتا لێراهاتبوو لە مانگ راهاتبوو، چونکی خۆتان دەزانن عەرەب ئەو زەمانی سەفەراتی درێژ درێژیان دەکرد، حەفت مانگ و هەشت مانگیان پێدەچوو لەبۆ تیجارەت، ئەها لە سورەتی لإيلاف قوريش زیکر دەکا بەچ هات و چویان دەکرد بەشەو؟ بە رۆژ ئیسراحەتیان دەکرد چونکی گەرمایان دەبوو بە شەو مەسیرەکەیان قەطع دەکرد، بە چ هاتوو چویان دەکرد خەریطەیان نەبوو ئەو وەختی؟ مانگ ئەستێرە ئەو عارەبە عومری هەمووی بەو مانگ و ئەستێرەی صەرف کردییە شەوەکانی، کە هاتە ناو دین یەکسەر عەلامەتی ئیستیفهام بە نسبەت ئەو مانگەی دروست دەبی، نەك تۆماتیکیەت و بەدیهییەت دروست بوبی لە مێشکی، مانگ هەر مانگە مانگی زەمانی وەختی کە تازە کافربوو هەر مانگە ئێستاش هەر مانگە؟ نەخێر دەهات ئیستیفساری

دەکرد یا رسول الله مەوقیعی ئەو مانگەی لەناو دینی من چییە؟ لەگەر چیای ژیایە، دەهات دەیپرسی یا رسول الله مەوقیعی ئائەو چیایەی لەگەر مەفهومی دینی من چییە؟ یان حالەتی طەبیعی کە بەسەر ئافرەت دەهات دەیان پرسی یا رسول الله لۆ وەیلێدێ ئەو ژنە؟ لۆ ئەو حالەتەیە طەبیعییە لێدێ کە طەبیعییە؟ لۆلە ئەوەوەندەئەو حالەتەی بەسەردادێ؟ باشە کە بەسەری داهات دین مەوقعی چییە جەوابی چییە؟ ئەو حالەتە لە مێشکی صەحابەی دروست بوو.

ئیذەن وەرگرتنی دین بە نسبەت صەحابە ئیعطیباتیەتی نەبو فەوضا نەبوو لە مێشکیان مەنهەجییەت هەبوو خەریطە مەوجود بوو، ئەمما صیغەی تەحویلی ئەو خەریطە لەبۆ واقیع صییەغی تەحویلی لەبۆ واقیع صیغەی تەنزیلی **لەبۆ واقیع، دەیان پرسی لە رسول الله صلی الله علیه وسلم، ئەبەو نەوعەی صەحابە لە دینی خوای گەیشتن، رەمزەکەش لە پێشیان رسول بوو صلی الله علیه وسلم کە عیلاقەی وەحید بوو فەرید بوو عەینی وەقت بەینی خۆیان و بەینی باری تەعالا، ئەمە چ بکەین؟ ئەوە نیوەی مەطلوبەکەیە، ئەو هەموو تەئلیفاتە ئەو هەموو کوتوبە ئەو هەموو مەصادیرە ئەو هەموو مەداریسە ئەو هەموو ئەفکارە ئەو هەموو تەجەموعاتانە، ئەمە چ بکەین؟ عەلامە ئیستیفهامەکی زەق دەبی لە مێشکمان دروست ببی، هەر نەفەرەك وەك دەرسی سابیق بەحسمان کرد چوە سەر مینبەر یان بووە صاحێب قەلەم یان لە پشت میکرۆفۆن دانیشت، ئەو حەقەی دەدرێتێ ئامیر و ناهی بی؟ حەلال و حەرام بکا؟ یان قەواعید هەیە لەبۆ ئەو مەوزوعە؟ لە جەواب دەرێین بەرێ قەواعید هەیە لەو مەوزوعە، باری تەعالا ئەو دینەی دانایە هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر وجود، وە دینەکەش نابی هەر رۆژێ یان لە هەرجێیەك هەر ئینسانەك هەربستی بە کەیفی خۆی صوبغەکی لێبدا، بە ئەمتار بە ئەطنان صوبغ بکەوتە سەر ئەو دینەی، نەزانن ئیسلام ویستی خوا و ئیرادەی خوای وە تەطبیقی محمد صلی الله علیه وسلم کوە؟.**

**عیلمەن رۆژی قیامەت باری تەعالا لەوی لێمان دەپرسی؟ لە جەواب دەرێین باری تەعالا ئەو شتەی بە ئیهمال بەجێ نەهێشتییە دەبی ئائەو حالەتە ئیقامەیە یان تەبلیغییە بە نسبەت هەموو بەشەر نەك بەس موئمینین نەك بەس شەباب، ئیننەما** حەتتا ئەهلی کیتاب لە هەموو ئەنواعی مولحیدین بە هەموو تەجەموعاتی دەبی تەبلیغ بکرێ ئیقامە حوججەی لەسەر بکرێ تەفهیمی ئەو دینەی بکرێ هەتا رۆژی قیامەت بەرامبەر باری تەعالا حوججەی نەمینێ، باشە ئەگەر ئەو رۆژی قیامەت حوججەی نما

فەکەیفە ئەمە؟ باری تەعالا کو تەفهیم و تەبلیغمان ناکا؟ لە جەواب دەرێین بەرێ باری تەعالا زۆر بە سانایی و سەهلی ئائەو سوئالە عەضیمانە وە ئەسئیلەی دی کە ضرورییە لە مێشکی موسولمان دروست ببی، هەر دیسان لەناو ضمنی خەریطەکە جوابی دایتەوە وە لە عەینی وەقتیش تەطبیقی کردییە لە وجود، وە بە صەحابەکانیشی فەرموو ئیتتیباعی خەریطەکە بکەن ئیطاعەم بکەن لەو مەوضوعانە، هەر خەریطەکە دیسان باری تەعالا زیکری کردییە لە قورئان فەرمو یتی(إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)(الحجر 9) ئەوە دەمینێ هەتا ئەخیر بەشەر لەسەر وجود، وە دەبی ئەوە بمینێ کە حوججە و کە مادة التعليم وە کە مادة التفهيم و کە حلقة وصل بين البشريە و الله، ئەوە دەبی بمینێ وەکو حەلەقە وەکو پەیوەست بەینی ئینسان هەموو نەوعە ئینسانەك وبالأخص موئمینین لەگەر الله.

ئیذەن ئەوە رابیطەیە ئەوە جسرە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە حەدیسەکی موفەصەلی بەحسی ئەوەی دەکا دەفەرمی: خەبەری قەدیمی چتبوێ لەناوی داهەیە وە ئەخباری موستەقبەلی چتبوێ لەناوی داهەیە وە هەموشی مودەوەنە، بەحسی لە دروسی سابیق تەقریبەن هەشت دەرس بوو، بەحسی قەوانینمان دەکرد قانونی فیزیا قانونی نسبییەت قەوانینی زراعەت کو نەبات گەشە و نما دەکا؟ ئافاتی زراعی صناعە تەکنەلۆجیا حەضارەت عیلم تەقەدوم هەمووی لەناو وەی داهەیە، چونکی گوتمان لە سەدا پەنجای قانونی کەونیی، کلمات الله الكونية، ئائەو قانون و نیضامەیە کە مەوجودە لە وجود ئیدی لە ناو وەیە، یەعنی: هەرچی قەوانینی وجودە لەناووەیە وەکو مەفاتیح کلیل ئەوە کلیلە لەبۆ ئەو وجودەی، ئیذەن باری تەعالا موئمینین وە ئینسان ئیهمال ناکا و تەرك ناکا، ئەوە بە نسبەت خە ریطە لەبن دەستی هەموو ئینسانەکی مەوجودە وە زۆر سەهلە تەعامولیش لەگەری.

باشە سوئالەك دێ کو ئەمە تەعامول بکەین لەگەر ئەو خەریطەیەی؟ ئەمە جیۆلۆجی نینە موهەندیس نینە راستە دەزانین ئەوە خەریطەیە ئەمما نازانین لە کێندەرێرا خەریطەکە لەسەر عاردی دابنێین رو بەرەو سولەیمانی بکەین کێدەرێ بەرەو دهۆك ناچین، وەنییە؟ کێدەرێ خەریطەکە لەمە وابی دەمانباتە سولەیمانی ئەمما بەرەو بەغدایێمان نابا، ئیذەن دەبی لەناو خەریطەکەی تەظاریس مەوجودبی، خەریطەکە دەرێ لە رێی سلیمانی ئەوەندە چیایە هەیە برندایی لە موستەوای بەحر ئەوەندەیە کە خەطوەت هاویشت شەقاوی یەکەمت عاردەکە بەو نەوعەیە ئەوەندە بەردەی تێدایە، دێین ئەمەش

شەقاوی یەکەم لەسەر خەریطەکەی دەمانەوێ تەحویلی کەین لەبۆ واقیع داوێن فیعلەن ئەگەر ئەوەندە بەردەی تێدابوو دەرێین صدقت، شەقاوی دووەم چ دەکەین چی تێدایە دەرێ شەقاوی دووەم گردۆکەکە دێین تەماشا دەکەین شەقاومان هاویشت فیعلەن گردۆکەکە هات، ئا صدقت، شەقاوی سێیەم چ هەیە؟ دەرێ فلانە ئەو قورئانە بەو نەوعەیە، بە نسبەت تەطبیق بە نسبەت تەحویل حەتتا یەومی رۆژانە هەر موئمینەك هەر نەفەرەك هەر ئینسانەك حەتتا ئیمانیشی پێنەبی مونحەی مادی ئیستیفادەی لێدەکا.

یەعنی طەبیبەك مەثەلەن دختۆرەك دکتۆرای هەیە لە طوب، لە موختەبەری خۆی ئایات هەیە ئایاتی کەونی طوبی لەو قورئانەی، با ئیمانیشی پێنەبی، ئەمما بینی ئایەتەکان تەحلیلکا دەگاتە نەفسی ئەو نەتائیجەی کە دەگاتە، عیلمەن پاشی موحتەمەلە پێنج سەد سالی دی، باشە ئەگەر باری تەعالا بەحسی وی کرد فکیف بە نسبەتە مە ئەمەی موئمینین، ئەوە بە نسبەت خەریطە، پاشان کێ تەطویعی کردییە لەبۆ واقیع؟ دەرێین محمد صلی الله علیە وسلم، محمد موتتەقیترین ئینسان بووە لەسەر وجود، لە هەموو ئەصحابی ئەفکار هی ئیسلامی جەماعات و تەنزیماتی ئیسلامی موفەککیرین ئەصحاب قەلەم لە هەمویان موتەقیتر محمد بووە شکمان لەوەی نییە، لە هەموویان عالیم تر محمد بوە، لە هەموویان صەحیحتر محمد بووە صلی الله علیە وسلم شکمان لەوانە نییە، ئەگەر شکمان لەو سێ شتە هەبی دەبی موراجەعەی ئیمانی خۆمان بکەین، ئیذەن رەمزیش رەمز لە مێشکمان موطەببیق لە مێشکمان واسیطە بەینی مە و بەینی الله لە مێشکمان (محمد)ە صلی الله علیە وسلم.

دێین تەمەشا دەکەین کە خەریطەکەی لەبۆ هاتتە خوارێ کو خەطوەی هاویشتییە؟ کە ویستی بچتە مەککەی، خەریطە لەبن دەستی بووە کو خەطەواتی هاوێشتییە شەقاوی هاوێشتییە؟ وەکی وی ئەمەش شەقاو داوێین دەگەینە نەفسی هەدەف نەفسی نەتیجە، چەند لاقمان لەجێی لاقی وی دابنێین ئەوەندە سەدا سەد نەتائیج دەینین، چەند لاقمان لەجێی لاقی وی قیچەك پێشتر وە قیچەك پاشتر بەسانتیمات ئائەوەندە نەتائیجمان سلبی دەبی،

سێیەم: خەریطە صیغەی تەطبیقی مەوجودە لەبن دەستمان، سێیەم لە عالەمی حەیاتی مە چ شخوصەك ئیختیار دەکرێ لەبۆ ئەوەی فیعلەن لە مەفهومی ئیطاعە لە بەینی ئائەو دوو کەلیمەی حەفتەی پێشترێ،(أَطِيعُواْ اللّهَ)، پاشان (وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ)، کە ئەویش قورئانە بە ئیطلاق أطع الله بە ئیطلاق بەبێ قەید بەبێ شەرط، یەعنی: ئێستا الله گۆتی

شەوە دەرێین شەوە چاومان غەلەت دەبینی، ئێستا شەوە خوا گۆتی شەوە شەوە نالێین ڕۆژە، ئەوە ئیطاعەی خوایە بە ئیطلاق مەدای عەقل شعور نامینێ، ئەوە ئیمان هینانە نەك تەسلیم ئیسلام بوونە ئیمان هینان ئەوهایە، ئەویتکە رابوەستی سێ و دووی بکەی ئەوە ئیسلام بوونە، کە فەرموی شەوە دەرێین شەوە، ئەوە بە نسبەت (الله)ی.

محمد هات فەرمووی ئێستا شەوە دەرێین شەوە، ئەبەو نەوعەی سێ و دووی لێ ناکەین ئائەوە کەلیمەی و اشهد ان محمد رسول الله ئیمان هینانە بە محمد صلی الله علیه وسلم بە ئیطلاق، دەرەجەی ثالث دێ (وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ)(النساء٥٩)حەفتەی پێشترێ گوتمان شورایە ئینسانەك نییە، عقولی جەمعەکە ئەویش بە (و) بە رەبتی بە تەقیدی أطع الله و أطع الرسول ئەو ئیطاعەی ئەو نەفەرەی دەکرێ لەو زەمانە و لەو مەکانە، یەعنی: ئەمە لە مێشکمان ئەوە مەوجودە رەمزییەتی ویشمان محمد صلی الله علیه وسلم مەوجودە، ئەو کە فەرمووی: ئەوها بکەن دەرێین کا بزانین فیعلەن ئەوها جائیزە حەلالە یان حەرامە جارێ، تەمەشا دەکەین کە دیتمان قسەی وی موطابەقەی خەریطەیە ئەوە ئیطاعەی خوامان کرد، وە محمد صلی الله علیه وسلم بەو نەوعەی کردیتی ئیطاعەی پێغەمبەرمان کرد، ئائەو بوعدی ثالیثەشمان ئیجاد کرد لە خۆمان (وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ).

کێیە (وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ)؟ هەر دیسان قورئان دەفەرمی: (فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ)، (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)، باشە ئەگەر ئیستیفساراتمان بوو لە صییەغی تەطبیقی تەنزیلی ئەورۆ؟ دەفەرمی: (فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ)، نا فەرموی فسألوا حاجی فولان مەلا فولان شێخ فولان دەروێش فولان صۆفی فولان ئەو تەجەمعی فولانی عەلامی، نەء دەفەرمی: (فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ)(الأنبياء 7)، أهل القرآن، (إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ)، کە خەریطە مەوجود بوو لە مێشکمان (محمد)یش صلی الله علیه وسلم مەوجودە لە صیغەی تەطبیق، ئەگەر ویستمان ئەو دوو حالەتە بە تەنیا بە خۆمان نەیکەین تەحویلی کەین لەبۆ وجود تەنزیلی کەین لەبۆ وجود، ئیحتیاجمان بەوەی هەبوو لە صییەغی تەطبیق تەنزیل لەبۆ وجود، ئەوجە دەچینە کن ئەهلی ذیکر دەرێین ئەرێ ئەهلی ذیکر ئەتو روئییەت چییە لەبۆ صیغەی تەنزیلی ئەو ئەمرەی لەبۆ ووجود، ئەهلی ذیکریش لە قورئان مواصەفاتی هەیە دەبی ئەتقا بی بە سەریعی مەوضوعەکە دەبی ئەتقابی دەبی ئەعدەل بی دەبی ئەفهەم بی، وە مواصەفاتیتکە کە لە قورئان بە نسبەت ئەتقیاء و صالیحین و موقەررەبین زیکر کرایە.

ئیذەن باری تەعالا رۆژی قیامەت حوججەی لەسەرە من نییە ئەگەر هات و ئەمن کە نوێژێ دەکەم رکوع پێشی قیام بکەم، ئەو وەختی دەرێ لۆ وەت کرد؟ دەرێم نازانم باشە لۆ نەت دەزانی؟ بەخوای جاهیل بووم عوذرم هەیە بە جەهل باری تەعالا دەفەرمی: نەخێر راست ناکەی، محمد صلی الله علیه وسلم ئەوها نوێژی کرد، ئەمرم پێکردبووی نوێژ بکە لە خەریطەش دامنابوو نوێژ بکەی، کە دەهاتی تەطبیقت دەکرد دەبا وەکو محمد صلی الله علیه وسلم تەطبیق بکەی، نەك رکوع پێشی قیام بکەی کە رکوعم پێشی قیام کردییە یەعنی نوێژم بەتالە نوێژم حیساب نییە، کە دێتە خەریطەی موستەقبەلی رۆژی قیامەت جەدوەلی ئەعمالی من دێتە دەرێ نوێژێ نیورانێ نوێژێ عەصر نوێژی فلانی هەموو فی لێدرایە نەم کردییە، ئیذەن ئەمن هەر نیەتم صەحیح بی هەر دەستنوێژم شوشتبی هەر هاتمە مزگەفتێ هەر لەدوو مەلای موحاوەلەم کردبی، ئەگەر مەلایەکە رکوعی پێشی قیام کردبی ئەمنیش رکوعم پێشی قیام کردییە، کە کو نوێژی وی بەتالە ئی منیش ئەوها بەتالە، باشە دەکرێ برێم والله مەلایەکە ئەوهای کرد؟ رۆژی قیامەت باری تەعالا دەفەرمی: نەخێر پێم گۆتبوی وەکو محمد نوێژ بکە، وەکو مثلە، چونکی ئەو ئوسوە بوو مەلا فولان ئوسوە نەبوو لەبۆت.

صیغەی زیکر زیکرم کرد نەوعە دەنگەکم دەرهینا، کاك فولانم دیت ئەوها دەکا کاك فولان ئەوهات کرد، رۆژی قیامەت دەچم باری تەعالا بەمنی فەرمووە: (اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْراً كَثِيراً) (الأحزاب 41) ذیکر دەکەم وەکی وی دەچی تەمەشا دەکا لە صەحیفەی ئەعمالم ذیکر بەتالە، باشە یارەببی کردیتم ئەمن بەخوای نیەتیشم صادیق بووە، دەفەرموێ لە ئیصابەی عەمەل لە صیغەی عەمەل صەحیح نەبووی، باشە لە جەواب دەبی چ بکەم دەبی بگەرێمەوە سەر ئەهلی ذیکر لەوان بپرسم کو نوێژ دەکەم؟ کو بەرۆژی دەبم؟ کو خوای لە خۆم رازی دەکەم؟ کە ئەوە جوملی ئمورە، نەك وفقی حەزی خۆم وفقی عەقلی خۆم وفقی ئیرادەی خۆم، ئیننەما وفقی ئیرادەی رب العالمین وفقی ویستی رب العالمین، ئەو مەعایرە قورئانیانە لەبۆ ئەهلی ذیکر دیسان لە قورئان مەذکورە، ئەو مەعایرانە دەکەینە جەدوەل ئەگەر ویستمان ئیستیفسارمان هەبوو وفقی ئەو مەعایرانە دەچینەکن ئائەو ئینسانەی ئەو مەعایرانەی پێبی، خودا دەفەرمی: کیلۆ ئەوەندەیە لەکن خوای کیلۆ وەزنی ئەوەندەیە دەبی لەکن فلان نەفەریش کیلۆ وەزنی ئەوەندە بی، نابی وەزنی کیلۆی خوای لەکنەوی نیو کیلۆ بی یان کیلۆ و نیوەك بی

معیارەکە ئەوەیە، فە جەوابەکە، فە صیغەی تەطبیق معیارییەت وە ئوسلوبی تەنزیل دەبی وفقی ئیرادەی خوای بی، کەس لەبۆمە بەدیل نییە لەبۆ محمد صلی الله علیه و سلم.

ئیذەن کەلیمەك هەیە لەناو بەعزە شەبابی صەحوە العذر بالجهل، عوذر بە جاهیلی ئایە فیعلەن ئەوە ئەو حەقە هەیە، ئەو ذیکرەیە هەیە ئەمن رۆژی قیامەت بەدەستم بی واللە یارەبی نەم زانی، کابرای سەرجادە قەیدیناکا نەی زانی قەیدیناکا ئەگەر جائیزبی ئەو مەفهومە، ئەمما ئەدی ئەمە شەباب گەنج لۆ نەیزانی لۆ نەتزانی؟ قیرائە و کیتابەت نەبوو؟ عەقلت نەبوو؟ مەجالت نەبوو؟ لە مستەوایەکی مەحدود عیلمت نەبوو؟ هیچ حوججەمان نییە، فە نەتیجەی دەرسەکەی أوصي نفسی ئەووەلەن وە هەمووومان برێین فیعلەن تەحەور بکەین لە تەحقیقی حەق بزانین حەق چییە؟ وە لەکن کێیە؟ وە کو بەدووی حەقەکەی دەکەوین؟ ئەوجە پاشان کە زانیمان کو ئەو حەقەی تەنزیل دەکەین وفقی ئیرادەی خوای لە واقیع، ئەگەر ئەوهامان نەکرد بەو دوو شتەی ئەعمالمان فی صفر دەکرێ هەر چەند نەوایەشمان سەلیم بی.

اقول قولي هذا، و استغفر الله لي ولكم (سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ، وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ). الصافات

مولاحەزەکی بەسیط هەیە ئەویش: بەعضە ئیستیفسارات کأنە لەو ماددانە دروست دەبی لە مێشکی ئەو خۆشەویستانەی کە مەوجودن لێرە، هەرچی ئیستیفسارەك هەیە عینوانمان مەوجودە لە مەکتەبەی رەسەن خزمەتکارتان لەوێ دادەنیشی چ کەس ئیستیفیاری هەبوو ان شاءالله لەوێ دەتانین جوابی بدەینەوە، ئەوە یەك.

دوەمین: ئەو رەئیانەی ئەو قسانەی کە ئەمن ئێستا دەیکەم ئی خۆمە ئی گیرفانی خۆمە ئەگەر راستم کردبی خودا ئیلهامی کردیمە، ئەگەر خەطەئم کردبی گەردەنم ئازاکەن لەو جێیەی دانیشتیمە تەمثیلی چ جیهەك موعەیەن ناکەم، عیلاقەم بە چ جیهەکی رەسمی نییە، شەخصی خۆم بەتەنێ عبدالله الفقیر، ئیذەن ئەو قسانەی کە ئەمن دەکەم لایعبر عن رأي أحد، چ جەماعەتەکی ئیسلامی چ جیهەکی ئیسلامی چشم نییە (عبدالله الفقیر)م بەس هەر ئەوەندە بارك الله فیکم، تێگەیشتن.

بەلێ موجەزەکەی ئەوەیە موحتەمەلە ئەو کابرایە کە مواصەفاتی لە قورئانیش مەوجود بی ئەو مواصەفاتانەی کە ئەمە تەسجیلمان کرد لەکنە خۆمان، ئەوە موراەدەفەی هەیە لەگەر ئەو ئینسانەی کە مەوجودە لەو وەسەطەی کە لەگەرمان دەژی، ئەو ئینسانە کێ دەرێ ئەو هەموو صیفەتانە ریائیات نییە، بەلێ لە جەواب برای عەزیزم تەقوا ئاثاری

هەیە حەقیقەتی هەیە باری تەعالا لە قورئان باسی مونافیقین دەکا، مونافیقین ئەوصافیان هەیە یەك لەو ئەوصافانە ئەسنای قسەکردنیان، ئینسانی مونافیق طەبعەن ئەوە ئەو جەوابە بەمن ضرورییە چونکی موحتەمەلە لەناو صوفوفی ئیسلامیین موندەسین هەبن نەوعە تەمەلوقەکیان هەبی نەوعە تەمثیلەکیان هەبی بتانن تەمثیلیات بکەن، وە فیکری کوفر و ئیمکانییەتی کوفر گەیشتە ئەو موستەوایانە بتانن تەقەموسی شەخصیاتی ئیسلامی بکا، حەتتا بە تەمثیلیات و بە ئەفلامیش ئەوە مەوجودە، فە ضرورییە دیسان بێینەوە سەر مەنهەج یەك مەجموعە مواصەفات لە قورئانی هەیە بە نسبەت ئینسانی موتتەقی، مەثەلەن مەفهومی ریاء کە جەنابت بەحسی دەکەی، کەلیمەی یان عەمەلییەی ریاء، ریاء حالەتەکە لە ئینسانەك ئیظهار دەکرێ غەیری ئەوەی کە لەداخیلی مەقصەدیتی، ئەویش رضوان الله جل جلالە، ئەو حالەتە بە نسبەت عەبدەك زەیدەك موحتەمەلە تەسەتوری پێبکرێ موحتەمەلە چەند فەترەك بتانی رەفیقی خۆی شەخصەك موقابیل ئینسانەك عادی ئیقناع بکا.

ئەمما بە نسبەت حامیلی دین باری تەعالا رێی نادا و ئیزنی نادا هەتا فەترەکی چاك بتانی ئەو ریا کاریەی بکا، ئیللا کەشفی دەکا و زەلیلی دەکا حەتمەن ئەوە، ئەگەر جەنابت تاریخی ئیسلامیت خیندبی، من یمثل الدین، نەك من هو متدین من نفسه، ئەوەی دین تەمثیل بکا ئەوەی بیەوێ دین تەقدیم بکا هەموو ئەو مەطالیب و ئەوصافانەی کە باری تەعالا ویستیتی لە قورئان تێیدا مەوجود نەبی ئیللا فەشەلی کردییە، تێدەگەی برای من؟ ئەوجە ئەوە بە نسبەت تەجەموعات، بە نسبەت ئەشخاصیش مواصەفاتی خاص هەیە هی شەخصی لە قورئان مەوجودە حەتتا ئوسلوبی قسەکردن، مەثەلەن مونافیقین باری تەعالا ئائەو صیفەتەیان لێ ذیکر دەکا کە قسان دەکەن: (كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ)(المنافقون 4) ئەوە حالەتەکی تەمثیلیە، دار کە کلۆربوو ناوی تەقەتەقی لێبکەی نەوعە دەنگەکی خاصی لێدێ، ئینسانی مونافیق کە قسان دەکا فیعلەن ئەو حالەتەی هەیە، پڕ بە پیستی خۆی باری تەعالا میثالەکەی موطابەقە هینایە، کێ ئەو ئیحساسەی هەیە ئەو تەمیزەی هەیە؟ ئەویش ئینسانەك فیعلەن مودریك بی لە قورئان فەهمی لە قورئان هەبی.

ئیذەن شاخیصی بەینی ئەو هەموو مەوازیعانە عیلمە لە قورئان قورئانی کە میعیار، مەثەلەن ئەو کابرایە قسان دەکا لە تەسجیل لە تەلەفزیۆن لە رادیۆ کێ دەرێ ئەوە صادیقە، نەبەراتی صەوتی نەبەراتی صەوتی کەشفی مەدای صدق و کذبی ئەو شتەی

دەکا، حەتتا لە غەرب لە غەرب جیهازیان دروست کردییە جهاز کشف الکذب، مەثەلەن کابرا ئەوەکی دەدەیە دەستی هەر بەخۆی دەڵێن دەرێن وەرە مەوضوعەك بنووسە تەعبیر لە خۆت بکە، لە داخیلی خۆت چ دەنوسی بنووسە بیهاوێ سەر وەرەقەی پاشانیش لۆمان بخینەوە، ئائەو نوقاطانەی کە خۆی حەقیقەتی ئەوهانەبی گڵۆپ پێدەبی، نەبەراتی دەنگی لە ئەثنای ئەوەی طەبعەن جیهازەکە زۆر حەساسە تەحویلی داخیل ناکا یەعنی تەعبیری داخیلی نییە تەمثیلیە شتەکە، کو دارەك جیهازەك شتەك ئاسنەك لە دارەکی ناوکی کەتبی لێبدەی کأنە (خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ) عەینی ئەوها ئەو ذەبذەباتەی هەیە، باری تەعالا ئەو جیهازە لەناو قەلبی ئینسانی موئمینیی دانایە، موئمین ئەو جیهازەی لەکنە ئیحساس دەکا ئەو کابرایە لە قسەی خۆی صادیقە یان کاذیبە، بە چ؟ بەوەی [مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] عیلمی بەوەی[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] هەبی کەشفی ئەوەی دەکا حالیتە برای من؟.

ئیذەن ئەمە گۆتمان مواصەفاتی ئەو ئینسانەی کە لێی وەردەگیرێ دەبی دیسان لەوەی[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] وەربگیرێ، لەوەی[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] دەربچی، مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە قسەی کردییە تەعابیری وەجهی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم حالاتی داخیلی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم هەمووی شوعورەك موفعەم بە ئیمانی حەی تەمثیلی نەبووە، لە زۆر ئوموری بەسیط مەوقیفی موباشری پیشان دایە نەفسی شت صەحابە، مەدای عیلمیان لە قورئان صەحابە لەو مەقامەش موتەسەلسیلن موتەنەویعن، مەثەلەن ئەبوبەکر موستەوای عیلمی لە قورئان لەو صەفحەیە لەو کێرڤەیە، کە هاتییە تەعامولی کردییە لەگەل ئەحداث بەو صدقەی تەعامولی کردییە تەنزیلی کردییە لەبۆ واقیع بە عەینی مستەواش تەعامولی کردییە، بە چ؟ عیلمی بەوەی[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] بووە لە هەموو ئەحداثان عیلمیان بەوەی[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] بووە، موجەرەد نەبووینە ئائەوە بوویتە میعیار.

ئەوجە کوو ئەمە کەشف بکەین ئەو کابرایە مەرائی نییە، دیسان دەبی عیلممان بەوەی[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] هەبی، کە قسان دەکات ئەو کابرایە مەدای صیحەتی ئەو قسەیەی لە داخیلی خۆی، لۆیێ لە ئەوەك دەگێرنەوە هەر لەبۆ هامشی ئەو برایەمان ئیستیفساری ئەو برایەمان، مەلایەك هەر لە ناوە خۆشمان مەلا زۆرە ئەنواعە وەنییە؟ مەلاش هەیە مەلای موتەنەویع هەیە مەلاش هەیە، دەتانی ئەتوو خۆت لە حالی

عام موقایەسە بکەی، ئەو کابرایە هەتا چەند زەمەن وە هەتا چ نەوعەك درۆی دەتانی بکا لەگەڵ خوای، چونکی مومەثیلە مومەثیلی خوایە، ئیللا ئەوە کە دیتت ئەگەر درۆزن بوو فیعلەن لەگەڵ خوای خوا لەناحیەك لێی دەدا ئیللا کەشفی دەکا حەتمەن ئەوە، فە ئەو شەخصە موحاضەرەك ئیلقا دەکا لە جێیەك، نەفەرەکی لە پشت دانیشتییە کە موحاضەرەکە موحاضەرەکەش جانبی ئیمانیات بووە، بەحسی ئیمان و بەحسی تەقوا و ئەو شتانە بووە، کە موحاضەرەکە تەواو دەبی ئەوەی ئەخیری هەڵدەستی پێی دەڕێ: مامۆستا هەرچی قسەت کرد لە مێشکم تەسجیل بوو، ئەمما یان ئەتوو خەلەلت هەبوو یان ئەمن خەلەلم هەبوو، ئەوەی بەحست دەکرد بەس لە مێشکما تەحویل نەبوو لەبۆ قەلبم، ماددەی موحەویل داخیلی ئینسانە نەك زمانی ئینسانە تەعابیری دەم و چاوی ئینسانە حەقیقەت لەناو داخیلە، چەند نسبەی حەقیقەت لەناو داخیلی هەبوو ئائەوەندە حەقیقەت دەچتە ناو قەلبی موقابیل، چونکی ئەو شعورە ضەمە و کەسرە و یەك و دوو جەمع و تەقسیم لێرە جەمع دەبی، ئیلاهییات رەبانیات لێرە جەمع دەبی، حەقائیق چەند لێرە مەوجود بی ئائەوەندە تەحویل دەبی لەبۆ موقابیل.

کابرا کابرای موحاضیر پاشان موراجەعەی خۆی کردەوە پێشی تەقریبەن دە پازدە سالی موراجەعەی خۆی کردەوە فیعلەن خۆی ئەو قسانەی کە دەیکا داخیلی تێدانییە، خۆی لەناو داخیلی ئەوەی تێدانییە، لۆیێ فەقیر بەعزە مەلا پەیا ببون بەو ئاخر و ئۆخرەی دەیانگۆ بابە بە قسەی مەلای بکەن بە عەمەلی مەلای مەکەن، چونکی دەیزانی بەستە زمانەی موناقیضە ئیزدیواجییەتی هەیە خۆی لەگەڵ واقیعی حالی خۆی، تێدەگەی برای من؟ فە ئەو حالەتە ضەرورییە ئەوە قەناعەتە لەناو داخیلی ئینسانی موئمین بە عومق تەجەڕوری کردییە، وە ئیللا مەعایر نییە.

پرسیار: مامۆستامەقسەدت چیە لە وەی کە دەڕێی تەمثیلی شەخصی خۆم دەکەم؟

مامۆستا: ئەلف کەئەمن دەڕێم ئەوەڕەئی شخصی خۆمە طەبعەن ڕەئی عولەمایە لەوانم وەرگرتیە ئەمن خۆم لەگیرفانی خۆم چم ئیستینتاج نەکردیە عولەمایەکانیش مەوجودن ئەوەی بیەوێ متابعەبکا ان شاءالله جەدوەلی ناویان دەدەینێ موتابەعە دەکەن، مەصادیریان هەیە فەهمیان لە قورئان ئەوانە هەموو مەوجودە، ئەمما مەخسەدم ئەمن تەمثیلی شەخصی خۆم دەکەم، یەعنی لەپاش موحاضەرەی حەفتەی پێشترێ بەعزە چرپە چرپم گێ لێ بوو کانە ئەمن تەمثیلی مەدرەسەم دەکەم ئەوەم مەقصودە، عیلمەن نەخێر ئەمن تەمثیلی مەدرەسەك ناکەم، یەعنی ئەمن خۆم مەسئولیەتی خۆم هەڵدەگرم

أمام الله ڕۆژی قیامەت، ئەوە جەوابەك عەفوەن، جوابی دووەم عەزیزی من دائیمە واقیع بە نسبەت موئمینین نابتە کۆسپ ئەوەی کە جەنابت بەحسی دەکەی شارع جوزئەکە لەو واقیعەی شاریع جوزئەکە لەو واقیعەی، عەوائیلی مە جوزئەکە لەو واقیعەی کە ئەمە تێیدەگەین، ئینسانی ریسالی ئەوەیە واقیع بەرز کا لەبۆ موستەوای مەطلوب، نەك ئەمە ئائەوەی[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] بینینە خوارێ لەبۆ موستەوای واقیع.

دەی دەی ئۆخەش قەیدیناکا بابە ئەتوو جەو و بیئە و حال ئەوهایە ئەتوو سوفور بی قەیدیناکا، یان موحەجەبەکی لەبەرکە موحەجەبەکە ئەوها بی بەو نەوعەی بی، ئائەویش جائیزە ئیمامی ابو حەنیفە رەئی دایە با گۆریە بی، نەخێر ئەوە تەرقیعاتە ئەوە پینە کردنە پینەی دین کردنە، ئەمە مەسئولین أمام الله رۆژی قیامەت، ئەمە دینی صەحیح تەقدیمی مجتەمەع دەکەین ئەوەی خودا ویستیتی، ئەمما لە ئەسالیب موحتەمەلە موختەلیف بین، ئەمن لەو قەناعەتەی دانیمە قورئانم بەو دەستەی تێدەگەی برای من؟ خەنجەریشم بەو دەستەی بەو کابرایەی برێم ئیللا برێ برێ ئەوها برێ ئەوها بکە نەخێر لەو قەناعەتەی نیمە، ئیننەما لەو قەناعەتەیمە ئەو کابرایە بینی جارێ فەترەی یەکەم برێی بابە ئەتوو ئینسانی، ئەو کابرای سەر جادەی بینی داینێی فەترەك چەند مانگەك لەبۆی ئیسپات بکەی جارێ ئەتوو حاشاکی جەمع و مەقام حەیوان نی، مەثەلەن ئەتوو عەقلت هەیە ئینسانییەت مەفاهیمە تێدەگەی برای من؟ فەترەکی زۆر چەند مانگەك لەگەری رادەبێری ئەتوو ئیسپات کەی لەبۆی ئەوە ئینسانە، ئەوجە پاشان دەرێی ئەوجە ئیسلام هەیە دین هەیە مەسیحییەت هەیە یەهودییەت هەیە، تێدەگەی برای من؟ ئەو وەختی ئەوجە دەرێی ئیسلامەکەش ئەوەیە.

یەعنی: وەکو محمد صلی الله علیە و سلم دەبی تەبلیغ بکەین ئەمە، وەکو محمد صلی الله علیە وسلم وەکو کەس نا ئەها گوتمان ئەو ئوسوەیە کو ئینسانی دەگرت نەفەر نەفەر نەفەر نەفەر قەلبی دەکردەوە مەفاتیحی قەلبی دەکردەوە، جارێ دیراسەی دەکرد کلیلی ئەو قەلبەی کوە؟ چ نەوعەکە؟ دیشلییەکانی ئەو کلیلەی چ نەوعەکە؟ دیراسەی ئەوەی دەکرد، پێشی وەی دیراسەی وەی بکا موحاولەی ئەوەی دەکرد جارێ ئائەو قابیل کورهی محمد نەکا کورهی نەکا، یەعنی: ئەو عیملاقییەتەی رەسولەی صلی الله علیە وسلم لەو قیممەیەی بوو دوژمنی خۆشیان دەویست دوژمنی خۆشیان دەویست، بە هەموو ئەحقادی ئەبوو سوفیان لە پێش مەلیکی وەکو کلینتۆنی ئێستا، لەپێش مەلیکی روم

بەحسی محمد دەکا لەبۆ مەلیکی روم، نەفەرەك بچی لەبۆ کلینتن بەحسی موسولمانەکی بکا، چی یەك مەقطەعە لەو مەقطەعانەی کە لەبۆی تەعبیر کرد فەرمووی ئەو وەختی کە قسەکەی زۆر صدقە، (ما رأيت أحدا يحب محمد كأصحاب محمد يحب محمد)، باشە بەس ئەصحابی محمد (محمد) یان خۆش دەویست؟ لە جەوابدا دەرێین: نەخێر، باوەر بکە ئەبو لەهەبیش خۆشی دەویست، لۆیێ باری تەعالا لە قورئان دەفەرمویت: (فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ) ئەتوو نا دوژمنداری ذاتی توو ناکەن (فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ) (الأنعام٣٣) ئەمە دەبی جسوری مەحەبەت و ود لەگەر ئەو ئەهلی شارعەی دروست کەین.

ئیذەن نوقطەی سێیەم نوقطەی یەکەم ئەوە بەحسمان کرد، نوقطەی دووەم ئائەوە[مامۆستا هێما بۆ قورئان دەکات] میعیارە موجتەمەع با هەر موتەدەننی بی سەبر سەبر برندی دەکەین لەبۆ ئەو موستەوایەی ئەوە مەطلوبە لەمە، نەك ئەمە بیکەینە لاستیق ئەوە حەجمی شازدە لەبەر دەکا شازدەی لەبۆ دروست بکەین، ئەو حەجمی هەشت لەبەر دەکا هەشت لەبۆی دروست کەین نەخێر نییە ئەوە، باری تەعالا میعیاری دانایە میعیار ئەوەندەیە خلاس، ئەمما کو پێیدەرێی ئەوە جودایە بەرێ ئەو کابرایە خۆشمانی بوێ ثیقە بەمە بکا، دەچی مام حاجی کەشیدەی ئەوەندەیە لەناو بازارێ درهەمی لەناو کەشیدەی نایە، دەرێ: بەو کەشیدەیەی درهەمەکی تێدایە، غەشە خیداعە خیانەتە کابرای مەسیحی کو قەناعەت بەوەی بینی؟ لۆیێ یەعنی هەر لە ناوە خۆمان بەحس دەکەین خولوقی ئیسلامی دەلیلە لەبۆ موقابیل، لۆیەش فەرمویەتی صلی الله علیه وسلم: (لن تَسَعُوا الناسَ بأَموالكم فَسَعُوهم بأَخْلاقِكم)، ئەخلاقی ئینسانی موسولمان میعیارە جەوابی ئەو برایەی بدەینەوە: ئەخلاقمان میعیارە ئەمە چەند صادق بین لەگەل خوای ئائەوەندە صیدقەکە لێمان دەرژێ ئەگەر فیعلەن صادیق بین، ئەگەر فیعلەن ئەمن راستگۆ بم لەگەر خوای لە هەموو مەکانەك راستگۆ دەبم لەگەل کابرای دیانیش راستگۆمە، ئەو وەختی ئەو مولاحەزەم دەکا لەگەر کابرای برادەری فلانی ئي مارکسی راستگۆمە، لەگەر ئی فولانی راستگۆمە، صادیقم صیدقەکەم نەك دیبلۆماسیەتە نەء حەقیقەتە، کیانم لەسەر صیدق بینا کرایە.

هاتمە ناو ئیسلام رادەوەستم مانگ چیە؟ جەواب وەردەگرم مەجموعە کەرپوچەك دروست دەبی، چیا چییە؟ رادەوەستم شاخ مەجموعە کەرپوچەك دروست دەبی، ئەوجە پاشان خوا چییە خوا کووە؟ باری تەعالا لە قورئان دەفەرمی: ئەمن ئەوهامە ئەوهامە

ئەوهامە، باشە کووە بەصیر کووە رەقیب چییە فولان؟ ئەوە هەمووی لەناو داخیلی خۆم دروست دەکەم ئائەوە دەبتە حەقیقەتم ئەگەر ئەمن صادیق بم لەگەر باری تەعالا، ئەوجە ئەوەیە موقابیل لەمەی فەقد کردییە، بە دیکۆرات بە موجەلات بە جەرائید بەوانە وەکو غەیر دەیەوێ ئەمەی ئیقناع بکا، ئەمەش دەمانەوێ بەو نەوعەی عالەم ئیقناع بکەین، عیلمەن وەسیلەی مە ئەوە نییە لەبۆ ئیقناعییات وەسیلەی مە خۆمان ئیمانمانە و ئەخلاقمانە تەصەروفاتمانە، کە ئەوەشمان فەقد کرد موقابیل نایێ، ئیذەن بەینی مە و بەینی جادەی بەینی مە و بەینی أسواق فلان ابن فلان دائیمەن سدود و دائیمەن مەوانیع دروست دەبی پەرژینی ئەستور ئەستور دروست دەبی، حالیتە برای من؟ دەبی ئا ئە بەو قەناعەتەی بەو هودوئەی بەو ئیستیقرارەی بەو صەلابەتەی، بە نسبەت مادده ماددەی ئیحائاتە.